## دیداری بەڕێز صلاح الدین بهائەدین سکرتێری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەگەڵ دەنگی یەکگرتوو رادیۆی ئەمریکا لە بەرواری 2005-11-27

دەنگی ئەمریکا: بەرێز صلاح الدین بهائەدین سکرتێری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دەکرێت هۆی بەشدار نەبونتان لە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی بۆ هەڵبژاردنەکانی 15ی مانگی داهاتوو بۆ پەرلەمانی عێراقی رابگەیەنن، ئایا لەسەر دابەشکردنی کورسی پێك نەهاتن یان هۆی دیکە لە پشت ئەم هەڵوێستەتانەوە هەبوو؟

ئەمینداری گشتی :بسم الله الرحمن الرحيم

ئێمە سەرەتا بە مافێکی سروشتی خۆمانی دەزانین دابەزین بە یەك لیست وە بەجیاواز وە لەسەر کورسی نەبووە وە مفاوەزاتی کورسی هەر نەکراوە لەگەڵ ئێمە ولەگەڵ برایانی پارتی و یەکێتی وە لەراستیدا ئێمە برومان وایە کە ئەو حاڵەتەی کوردستان حاڵەتی سیاسی کوردستان، پرۆسەی هەڵبژاردن بە تایبەتی توشی نەوعێك لە رکود و ساردبونەوەبووە و ویستمان تەحریکی ئەو ساحەیە بکەین و وە بە پێویستمان زانی کە ئەو ساحەیە بە وشێوەیە بروات وە هەڵبژاردنەکانی تریش دەست نیشانی کرد بە تایبەتی راپرسیەکە کە خەڵك دڵی سارده لە دەنگ دان وە ئێمەیش وا ئەزانین زیندوو راگرتنی یندوقی هەڵبژاردن تاکە رێگەی چارەسەری گۆرانکاری و ئاڵوگۆری دەسەڵات و هەموو بنەما جوانەکانی دیموکراسیەت و ئازادییە لە کوردستاندا..

دەنگی ئەمریکا: باشە نەدەکرا لەگەڵ لایەنی ئیسلامی کوردستانی تر وەك کۆمەڵی ئیسلامی و بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان کە لە روی بیرو بۆچون نزیکترن لیستێکی هاوبەش پێك بهێنن؟

ئەمینداری گشتی: دیارە لایەنەکانی کوردستان هەریەکە تایبەتمەندی خۆی هەیە ئێمەیش وەکو لایەنێکی سیاسی ئیسلامی کوردستانی تایبەتمەندی خۆمان هەیە، ئێمە بەباشمان زانی بە جیا لەگەڵ ئەوان دابەزین چونکە ئەوەی ئێمە ئەیکەین ئێستە نەوعێك لە تەحەدایە و وتمان با هەم خۆیشمان تاقی بکەینەوە و هەم ئەوانیش توشی ئەو دەرگیریە نەکەین لەو وەزعەدا و برایانی کۆمەڵی ئیسلامی لەگەڵ هاوپەیمانییان پێباش بوو، برایانی بزوتنەوەیش بەتەنیا خۆیان دابەزیون و وە پەیوەندی و علاقاتمان بەهێزە و بەڵام هاوپەیمانی لەمەسەلەی هەڵبژاردندا بە تایبەتی بە جیا بە نەوعیمان زانی بە تایبەت لە و مەرحەلەیەدا..

دەنگی ئەمریکا: دواپرسیارم ئەوەیە و دەڵێم دوای تەواو بونی هەڵبژاردنەکان کە چاوەروان دەکرێت چەند کورسیەك لە پەرلەمانی عێراق بە دەست بهێنن، ئایا هاوپەیمانی لەگەڵ چ لایەنێکی براوە و بەشدار بوو دەکەن، لەگەڵ حزبی ئیسلامی عێراقی یان هاوپەیمانی کوردستانی بە واتایەکی دی کام لایەن بەسەر ئەوەی تریان زاڵ دەبی ئیسلامی یان کوردستانی کە یەکگرتوو ناسنامەی هەردوو لایەنی هەڵگرتووە؟

ئەمینداری گشتی: ئێمە لە راستی دا لەپەرلەمانی عێراق بەتەما نین وە نامانەوێ هەرگیز لە نەگۆرە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانمان پەشیمان بین بەو ئیعتبارەی کە لایەنێکی کوردستانین، وە بۆ ئەوەیش کە لایەنێکی ئیسلامین دیارە لەگەڵ هەموو لایەنە ئیسلامیەکانی عێراق هاوکاری ئەکەین لە ێالەحی بەرژەوەندی کێشەی رەوای خۆمان وە وا ئەزانم شتێکی تریشی پی ئیزافە بکەین باشە کە ئەویش ئەزمەی دیوکراسیەتە لە

کوردستانیش و لە عێراقیش، ئێمە بروامان وایە کە دیموکراسیەت لە کوردستاندا پێویستی بە گەش کردنەوەیەك هەیە کە ئەو هەنگاوەی ئێمە بۆ ئەوە ان شائەاللە دەوری باشی ئەبێت وە لە عێراقیشدا لایەنی دیموکراسی و نیشتمان پەروەر هەیە جگەلە ئیسلامیەکان هاوکارییان ئەکەین لە هەموو مەسەلەیەکدا کە عێراق بەرەو ئایندەیەکی دیموکراسی و ئازادی و فیدراڵ ببات.

دەنگی ئەمریکا: بەرێز صلاح الدين بەهائەدین ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان سوپاس بۆ لێدوانەکەت